www.kurdistannet.org
30-5-2006 0:40 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## زمانی ژنان دەبێت زاڵبێت بەسەر حوكمەت!!!... تاڤگە سابیر



زاڵبوون بەسەر كولتوورێكدا بەزۆر لەڕێگەی هێرش كردنە سەر زمانەكەیەوە ئەنجامدەدرێت. زمان: زمانی بیركردنەوەو زمانی گفتوگۆ لەگرنگترین ئەو بوارانەیە كە دەرفەتی گۆڕانكاریی دەخوڵقێنیێ، چونكە زامن و هزر وەک دوو رووی یەک دراو وان ئەو مرۆڤەی كە خاوەنی زمانێكی سەركەوتووی بیركردنەوەیە، هەڵبەت چەمک گەلێكی تایبەت بەخۆی بەكار دەهێنێت چونكە چەمكەكان ژێرخانی زاستە كەڵەكەبووەكانن وگەشەی هەر زانستێكیش گەشە كردنی چەمكەكانییەوە هەیە.
ئەگەر بمانەوێت گوڕانێک لەزمانی نەتەوەیەكدا بخوڵقێنین ئەوا دەتوانین كولتوورەكەشیان بگۆڕین. زمان گۆڕین بەتەشهیركردن وسوكایەتیپێكردن نابێت، بەڵكو بەدەوڵەمەندكردن وفراوانكردنی دەبێت.
ئەم گۆڕانە نەخشەدراوو بنەڕەتییە دەتوانین پایە ئەستورەكانیكولتوور بلەرزێنێت و هەندێ جاریش لە ڕیشە وە دەربهێنێت. گۆڕانیكولتووری بەدژایەتی كردن و تەشهیر كردن و تەشویهكردن ناخوڵقێت، بەڵكو بەدەوڵەمەندكردن و سازكردن بەدیل و فراوانكردنی مەیدانەكان جوڵەی گیانی و زەینیی سازدەبێت.
ڕێكخراوەكانی ژنان، ئافراتان (ئیسلام سیاسی) لەماوەی خەباتی رابردوویاندا لەگەڵ ڕێژم بۆ ماندووبونیان، بەڵام ئەوەندەی خۆیان لەسنوورێكی بەرتەسكی بیركردنەوەدا بینیوەتەوە نیو ئەوەندە هەوڵیان نەداوە كە بازنەی بیركردنەوەكانیان فراوانبكەن، بەڵگەی یاسایشمان ئەوەیە كە تاكو ئێستا زمانی ژنان لە هاوارو قیژەی ژنێكی ستەملێكراو دەچێت نەک ژنێكی خاوەن پرۆژە و نەخشە، گۆڕانیكولتووریش بەقیژەو هاواركردن روونادات، بەڵكو بەتەوزیفكردنی تواناكان و رێكخستنیان لەشێوەی شەپۆلێک كە بەرلەوەی پایەكانی كولتوور بلەقێنێت پێویستە كۆمەڵگاو تێڕوانینەكانی كۆمەڵگا ئارامبكاتەوە. بە داخە وە كە بزوتنەوەی ژنان لە كوردستاندا زیاتر لەناڕەزاییەک دەچێت زیاتر لەهاوارو قیژەیەک دەچێت زیاتر لەخۆ چە سپاندنێک دەچێت نەک لەپەیامێک بۆ كار كردن بۆ مافەكانی ژنان و ئافراتان!!!
لەدەستدەدەن ئەویش (ئەویندارییە) ئەویندارییی بەمانای تەسلیم بوون نییە بەبەدڕەفتارییەكانی پیاوان، هەروەک دژایەتیكردنی سەرجەم پیاوانیش نییە...
ئەم بزوتنەوەیە تاڕادەیەک خۆی بەدورەپەرێز زانیووە لەهاوكاریی دەرەوەی خۆی ئەمیش لەبەرئەنجامی ئەو رەشبینییەی كە پێنانەوە دیارە.
ڕێكخراوەكان دەبێت رەفتاری سۆزئامێزانەی خەڵكانی تر قبوول بكەن دورستبونی زمانێكی وەها زمانی گفتوگۆش دەوڵەمەنددەكات و ئەوكات دۆست و لایەنگری بزوتنەوەی ژنان زۆر دەبێت و هەمیشە زۆرینە بریتییە لهكولتووری باو، كەواتە گۆڕینیكولتوور ئاسانە ئەگەر زاڵبێت بەسەر زمان.
سوێد مای 2006